دەزگای دژە تیرۆر دەستگیرکردنی سێ تیرۆریست و بازرگانێکی مادەی هۆشبەری راگەیاند



ئەمڕۆ چوارشەممە، دەزگای دژە تیرۆر دەستگیرکردنی سێ تیرۆریست و بازرگانێکی مادەی هۆشبەری لە ناوچە جیاجیاکان ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکی دەزگای دژە تیرۆر،دا هاتووە، "لە چوارچێوەی بڕدوامی ئۆپەراسیۆنە هەماهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان قارەمانانی دەزگای دژە تیرۆر و بەڕێوەبەرایەتی ئۆپەراسیۆنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، توانیمان یەکێك لە داواکراوەکان لە پارێزگای سلێمانی دەستگیر بکەین"

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بۆشکردووە، "بەپێی زانیارییە هەواگرییە دروستەکان، دەزگای دژە تیرۆر توانیویەتی تیرۆریستێك لە قەزای ئەبوغرەبی پایتەختی بەغدا دەستگیربکات".

ئاماژەی بۆشکرد، "مەفرەزەکانی دەزگاکە توانیان یەکێك لە ئەندامانی چەتەکانی داعش لە پارێزگای سەڵاحەدین دەستگیربکەن".

لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی بەڵای ماددە هۆشبەرەکان، "دەزگای دژە تیرۆر توانی بازرگانێکی مادەی هۆشبەر لە پارێزگای بەسرە دەستگیر بکات".